www.kurdistannet.org
28-11-2005 19:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گۆرانییەکانی عەشقێکی مەزن ... شیعری؛ عەبدول شاربـاژێڕی

-یەکەم_
لە ناو خاکی
ئێش و ژانا
بەرەو لووتکە پێ هەڵئەنێ.
وەک ڕێبوارێ
بەلای شاری دەروونا دێ.
بەدەم ڕێوە
گۆرانی عەشقی خۆی ئەڵێ.
تۆی نەدهاریش
لەکوخێکی دووره شاردای.
شەلاڵی کاری ڕۆژانەی
کانە بەردی.
وەکو تیرێژ
لە کلاو ڕۆژنەی تاسەتەوە
دێتە ژوورێ.
دەست ئەخەیتە بەر چەناگەی
گوێ قولاخی
سەر ئەنێیتە ناو پەنجەرەی
ڕامانەوە.
گوێ ڕادێری.
گوێ گرتنت
کانی و چەمی شاربـاژێڕە.
چاوەڕوانی شۆڕەسواری
بای وەشت ئەکەن.
بەسەر ئەسپی هەورێکەوە
بەرەو بەڕۆژ بەڕێکەوێ.
کونە شەنەڵ بتەقێنێ.
شەنەڵ سەرکاو بژێتەوە.
بەرگی کەسکی
ئاوەدانی ببەشنەوە.
گوێ گرتنت
چاوەڕوانی لادێکانە.
جوانە بوکی
بای شەماڵ بێ.
بەسەر ماینی
بەر بەیانی

ڕۆژێکەوە بگاتەجێ.
زاوای خەرمان
دەستی بگرێ.
لە ئاهەنگی شەنکردنا
لەسەر نەزمی بەرەکەتا.
شایی خەنی
لەناخیانا
بەرپا بکرێ.
گوێ هەڵ ئەخەی
گازی ئەکەی.
گوێگرتنت گوڵی ڕازە
گوڵ بارانی ڕێگەی ئەکەی؛
_هۆ دێوانەکە.
_هۆهۆ بەڵێ.
دەلادە لەلام
تاوێ بسرەوێ.
بەکامی دڵم گۆرانی بڵێ.
من تۆم خۆش ئاوێ
نەکو شاعیرێ
دایمە لە دەوری
ماڵە شاییەکە
بۆتە شایارێ!
شاباشی باڵای زۆرداران. ئەکا.
ئەو داردەستە
ماستاو چییە
بێ هەڵوێستە.
گۆرانیم ئەوێ
ئەو نەورۆزە بێ
هێزی باوەڕو
هێزی زاڵمم
پێ بناسێنێ.
ئەو ئاگرە بێ
مژدەی ئازادی
چەوساوەکان و گەلم بۆ دێنێ.
ئەو پەیامە بێ
مرۆڤایەتیم لا ئەچەسپێنێ.
ئەو شەماڵە بێ
گڕەی سالانەی
وەرزی ژیانم دائەمرکێنێ.

ئەو بارانە بێ
تینوێتی باخچەی
ناخم ئە شکێنێ.
گۆرانییەک
دەریایەک بێ.
دۆستی هەمو و ماسییەک بێ.
تۆڕەوانیش ناحەزی بێ.
کۆترێ بێ
زۆر ئالودەی هێمنی بێ.
ئەگەر باڕەش
گڤەگڤی بەسەرداکا
سەردانەخا.
هەڵۆیەک بێ
باوەش بەناو قەدیا بکا!
_ هۆ هەژارەکە
_هۆ هۆ بەڵێ.
_ئێستا ئەزانم
بولبولی هەستت
ئاشنای باخچەی چریکەم بووە.
چونکە چریکەم
دەنگی نەوەی نوێی ئەم سەردەمەیە.
تۆی نەداریش
لەناو ئاوێنەی دەنگمدا
ڕەنگی خۆت ئەناسیتەوە.
چاک تێئەگەم
تۆش وەکو من بریندار ی
دڵدارێکی خۆری شاری
وڵاتێکی کۆتکراوی.
_ بۆیە منیش
وەک باڵدارێ
ئاسمانی دەنگت تەیئەکەم.
وەکو مەلێ
حەز بە لێڕی عەشقت ئەکەم.

_دووەم
_سەر بامەدە
تۆ لەو دیوی پەنجەرەوە
ئەڕوانیتە بەرزییەکان.
ئەشڵێی ئاسمان هەوری نییە.

تازە ساڵ هەروا نەهاتە و
دارەکانی گۆڕستانە پیرۆزەکە
بەریان نییە.
واتۆش بووی بەدەروێشەکان
سەرگوزشتەی
دوپشکی ترسیان بۆ وتووی
وائەزانی
دووپشکەکانی عەربەتە!
سڵ لە سەختی
ڕێگای عەشقە پیرۆزەکە
ئەکەیتەوە.
گەر وا نییە
بۆ نایەیتە ئەمدیوەوە.
تا بزانی
کە هەورەکە
گەواڵ
گەواڵ
کۆچەرییە!
بەڵێ ڕاستە
ئەم زەوییەی کە ئێمەی تیاین
بەقەدحەزی
_فەرخ لوقا_بۆ_ئەرسەلان-
تینووی نەک تاوێ لێزمەیە
وەک گڕ تینوو بە شەستەیە.
شەستە لەباران
باران لە هەور
هەور لە ڕووبار
ڕووبار لە دەریا.
ئاوا عەشق گەورەییە.
_ ئەوە چیتە؟
تۆ چی ئەڵێی؟!
شەماڵ
ئاوارەی شارانەو
گوڵاڵە سوورەکانی شاخ
ڕەنگیان نییە
بۆنیان نییە!!
گۆرانی چی
بۆ کۆچەرو
بۆ دێوانەو

بۆ خاک
ئەڵێی؟!
گۆرانی چی
بۆ باران و
دەریاو
هەورو
ڕووبار
ئەڵێی؟!
تۆ یا فەرخی
یا خدری
تۆ شێتی شێت!
_وەها دیارە
زۆر ترساوی
کە ئەو عەشقە سەرت بخوا
دەتۆش بڕۆ دەروێشێک بە
وەکو دەروێشەکانی کە.
بڕۆ دە بڕۆ
هاتنەوەت نەبێ.
حاشا لە دیاریت
بارانت نەوێ!!
دیارە تا ئێستاش
نەچویتە حوجرەی
پەیامی عەشق و
مەتاڵای نامەی
خوای عەشقی گەورەت
نەکردۆتەوە.
بۆیە لە عەشقی مەزن نازانی
زاڵم گرە وی لێت بردۆتەوە!.
_سێیەم-
کە دێمە دنیای دەنگتەوە
دەرگای سنوور تێک ئەشکێنم.
چونکە ڕقم لە سنوورەو
لەوەی سنوریشی داناو
بە چوار دەورا
خاکەکەمی بەخشییەوە!.
لەوڵاتی وشەکانتا
نامۆیەک نیم ڕێ دەر نەکەم.
پەی بە هەموو جێیەک ئەبەم.
بۆیە وەکوو گەڕیدەیەک

سەر بە کون بە کونیا ئەکەم.
وەکوو ئەو کاتانەی
عاشقێکی کۆچەری بووم.
بستێکی ئەم خاکە نەما
پیایا نەڕۆم.
گوندێ نەما
نانی نەخۆم!.
من مرۆڤی
وڵاتێکی خوێن و بەفرم.
لە ناو شاخا
چاوی تەمەنم کردەوە.
لەوەتەی فامم کردروە.
دایم بە لوتکەی دژواری
ئەم ڕۆژگارە سەر سەختەدا
هەڵ ئەگەڕێم
هیلاک نابم.
گەر بشگلێم.
کۆڵ نادەم و
سەر لە نوێ پیا هەڵ ئەگەڕێمەوە!.
من مرۆڤی
وڵاتێکی شۆخو شەنگم.
لە مێژەوە هەتا ئێستاش
هەزاران جار
بە ئاگری دەستی زەلان
سەرو قژی هەڵکروزاوە.
وەکو _ ئەستێ _
وەکو - زێڕین -
لە ڕێگەی عەشقی خۆی لاینەداوە.
لە وڵاتی وشەکانتا
بەسەر دوندی شاخێکەوەم.
زۆر حەز ئەکەم
وەکو لوتکەی وشەکانی
خۆم وەهابێ.
چونکە فێرم
کە ئەچمە سەر هەر لوتکەیێ.
بۆ هەموو لا چاو ئەگێڕم.
لە نزیک و
لە دوورەوە.
تیشکی چراکان ئەبینم.

بۆ باڵندە یاخی بۆکان
گوێ ڕادێرم.
ئەنجا سوکنایی دێ ناخم.
جا هەر ساتێ
لە ترۆپکی وشەکانمەوە ئەڕوانم.
هەموو خاکی خۆم ئەبینم.
هەموو گەلی خۆم ئەبینم.
هەموو دنیا
هەموو مرۆڤ.
لە پێش چاوی خۆم ئەبینم.
ئەنجا گۆرانی خۆم ئەڵێم.
چی لە ناخما هەبێ و نەبێ
هەمووی ئەڵێم.
سڵ ناکەم و
لە ڕێی عەشقی پیرۆزیشا
من ئامادەم سەرم دانێم.
لەسەر لوتکەی وشەکانتا
تێر ئەڕوانم.
بە تولە ڕێی کێوی هەستتا
بۆ دامێنی دائەگەڕێم.
لە مەڵبەندی ڕازەکانتا
ئەنجا ئەمەوێ بسرەوێم.
ئەو ساتانەی
لا ئەدەمە بن دەواری
خێلە کۆچەری ناخت و
بۆ چەند ساتێ
دەم ئەنێمە
ناوی دەمی حەوانەوە.
میوانداریم لێئەکەیت و
تورەکە دۆی سۆزی خۆتم
بۆ دائەگری.
کە تێر بووم لێی
لە باسوق و مێوژی هەستت
توێشەبەرەم بۆ دائەگری
جا تێئەگەی
ئەگەر شیعرێ
زۆپای ژووری ساردو سڕی
ناو دەروونی ڕەنجدەران بێ.
ئەگەر شیعرێ

چرای دەستی
ڕەشو ڕووت و لێقەوماو بێ.
ئەگەر شیعرێ
تیشكی خۆری هیوای گەل بێ.
ئەگەر شیعرێ
لەناو خاكی داگیركراوا
چەكی دەستی تێكۆشەر بێ.
وا ئەو شیعرە
ئاونگی سەر پەڕەی هەستمە.
دڵمە
گیانمە.
هەتوانی سەر برینمە.
من ڕێبوارێكی
سەر ڕێی كاروانم.
تالە ژیانم
دڵداری خۆرم.
ئەگەر تۆفان بێ
ئاگر باران بێ.
مەحاڵە ڕێگای ڕاستی بگۆڕم.
. هەرگیز ڕێگای چەوت ناگرێ بیرم.
تۆش ڕێبوارێ بە
ئا بەم ڕێگا دژوارەدا
هەڵبگەڕێ.
چۆن من نیشتمانەكەم و
گەلەكەم و
هەژارانم.
لە چاوی خۆم
لە گیانی خۆم
خۆشتر ئەوێ.
تۆش وەك من بە
گۆرانی بەبەژن و باڵای
شۆخ و شەنگی
نیشتمانەكەتا بڵێ.
گۆرانی بە جەربەزەیی و
كۆڵنەدانی
نەتەوە چەوساوەكەتا بڵێ.
گۆرانی بۆ مرۆڤ بڵێ.
گۆرانی بۆ گەدا بڵێ.
گۆرانی بۆگەلان بڵێ.

گۆرانی بۆ جیهان بڵێ.
لەهەر خاکێ
زوڵم و زۆر و ستەم هەبێ
تێکۆشەر بە.
ئای لە گەورەیی ناوی تێکۆشەر.
ئای لە باڵایی ورەی تێکۆشەر.
ئای لە مەزنی دڵی ئەم عەشقە.
1980

- _

/ئەم هۆنراوەیەم لە کۆڕێکی شیحر خوێندنەوە لە هەڵبجە. لە ڕۆژی 1980/4/5/ خوێندۆتەوە.
/ئەم هۆنراوەیەم لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا لە ڕۆژی 1980/8/2/ خوێندۆتەوە.